# لێدانی ژنان
# لە نێوان
# تێنەگەیشتنی ژنان و سەرسەختی پیاواندا

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

نازانم کامەیان لە ئەویتریان گەورەترە یان خراپترە، نەخوێندەواری یان دواکەوتن؟ خۆ ئەوەی ئاشکرایە دواکەوتن دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی نەخوێندەوارییە. بەڵام ئەگەر خەڵک خوێندەوار بو و دواکەوتووش، ئەوا دەبێ ئەوساتە بەراوردیان لە نێواندا بکەین.

لە 11/29 ئەمساڵدا لە ئەهرامی میسری بینیمو لە ماڵپەڕی ئیلافیش ئەنکێتایەک لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە، 39% ژنانی تورک ڕازین و بە هەقی دەزانن لە هەندێ حاڵەتدا "مێرد لە ژنی خۆی بدات".

ئەو ئەنکێتایە لەگەڵ 8000 ژنی تورکیا کراوە، کە تەمەنیان لە نێوان 15 ساڵی‌و 49 ساڵی‌دا بووە. 29% ئەو ژنانە پێیان وابووە حەقی مێردە لە ژنەکەی خۆی بدات ئەگەر ژن ڕووبەڕووی مێردی بووەوە و ڕقەبەری لەگەڵدا کرد. سەبارەت بە پارە سەرفکردنیش، ئەگەر مێرد زانی ژنی پارەکەی لە شتی پڕوپوچ سەرف کردووەو ئیسرافی کردووە ئەوا 27% پێیان چاکە ئەو ژنە تێی هەڵبدرێ. 23% پێیان وابووە ئەگەر ژن لەگەڵ مناڵەکانی کەمترخەم بوو پێویستە لێی بدرێ. بەڵام بۆ چێشت سووتاندن کەمیان لەگەڵ لێدان دابوون، زۆر نیە تەنها 6% بوون.

ئەو ڕێکخراوە مەدەنیەی کە ئەو ئەنکێتایەی ئەنجام داوە دەڵێ: 57% ژنانی لادێ لەگەڵ لێدانی ژنانن، بەرامبەر تەنها 32% ژنانی شار.

بەڵام لە هەمووی سەرنج ڕاکێشترو سەیرتر ئەوەیە، ڕێژەی ئەو ژنانەی کە خوێندەوارن و ئامادەییان تەواو کردووە 36% پێیان وابووە پیاو بۆی هەیە بێ هیچ هۆیەک لە ژنەکەی خۆی بدات. بەڵام ڕێژەی نەخوێندەوارەکان دەفڕێ بۆ 99% لەوانەی کە پێیان وابووە پیاو حەقیەتی بێ هیچ هۆکارێک لە ژنی خۆی بدات.

باشە ئەوە گوتمان نەخوێندەوارەکە چونکە نەخوێندەوارە دواکەوتووە، ئامادەیە بێ هیچ هۆیەکی مەعقول تێی هەڵبدرێ، چونکە فەقیرە تێگەیەنراوە دین ڕێی پێداوە و پیاو بۆی هەیە لە ژنەکەی خۆی بدات چونکە پیاوە، خوا دەسەڵاتی پێداوە. بەڵام ئەی خوێندەواران بۆ؟

وا پێدەچێ پیاوانی تورکیا بەختەوەر بن، من پێم وایە ژنەکانیشیان هەر بەختەوەرن، چونکە لەوانەیە وابزانن بەو لێدانە گوناهیان ڕەش دەبێتەوە و دەچنە بەهەشت. ئەی ئەوە نیە مەلاکان چەند باسی سەبرگرتنو دان بە خۆدا گرتن دەکەن لە کاتی موسیبەتو ناخۆشیەکان. خۆ زۆرێک لەو مەلایانە پێیان وایە نابێ مسوڵمان لە دژی دەسەڵاتدار نقە بکات، لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: لەبەر ئەوەی قەدەری خوایە ئەو کەسە بۆتە دەسەڵاتدار، یا بە مانایەکی تر، خوا لەناو هەزاران کەس ئەو کەسەی بۆ ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵ بژاردووە. ئەوە نیە لە کوردەواریش دەڵێن (نانی گەوری بخۆو سەڵەواتێ لە گەوری دە). معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانیش کە بوو بە خەلیفە گوێی لە پیاوێگ بوو دوعای دەکردو دەیگووت: خوایە کەس ناتوانێ شتێک قەدەغە بکات ئەگەر تۆ بیبەخشی، کەسیش ناتوانێ شتێک ببەخشێ ئەگەر تۆ قەدەغەی بکەی. موعاویە هەر خێرا بانگی کردو، پێی گووت: وەرە بزانم ئەو دوعایەت لە کوێ هێناوە. کابرای عابید گوتی: گەورەم لە پێغەمبەر گوێم لێ بووە. موعاویە گوتی: زۆر باشە، بانگ بدەن، دەبێ هەموو مسوڵمانێک بە تۆبزی دوای هەموو نوێژێک ئەم فەرموودەیە بخوێنێ. هەڵبەت مەبەستی موعاویەش زەمینە خۆشکردنی

پرسی خۆ سەپاندنی بوو بە خەلیفەی مسوڵمانان و دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتدا، تا دوایی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی دامەزراند. هەڵبەت مسوڵمانانی غەیرە عەرەبیش لەو دەوڵەتەدا بە مەوالی ناوزەد دەکران.

دووەم: لەبەر ئەوەی دەبێ مسوڵمان بەسەبر بێ بەرامبەر هەموو ناخۆشیەک. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە سەبر گرتن هەمیشە و تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی نێگەتیف لێکدراوەتەوە. ئەوان وا لە سەبر گرتن حاڵی بوون لە هەموو حاڵەتەکاندا لەسەر خۆشی و ناخۆشی، لە حاڵەتی ئازادی و ژێردەستیدا دەبێ مرۆڤی مسوڵمان سەبری هەبێ. کە داگیرکەر شار و لادێ و گوند و وڵاتمان وێران و کاول دەکات، هیچ چارەیەک نیە جگە لە ئارامگرتن و دان بەخۆدا گرتن. کە زوڵم و زۆری ڕوو لە مسوڵمان دەکا دەبێ هەمیشە هەر ئارامگر بێ، چونکە ( انما یوف الصابرون اجرهم بغیر حساب) واتە ئارامگران بە بێ سنوور و حیساب پاداشتیان دەدرێتەوە. بەڵام ئەو ئایەتە و دەیان ئایەتی تر هەمیشە بە شێوەیەکی نێگەتیف و لە خزمەتی داگیرکەران سوودیان لێ وەرگیراوە. هەر ئەوەشە کە ژن هان دەدات ئارامگر بێ بەرامبەر مێردەکەی بەو هیوایەی لە ئاخیرەتدا پاداشتی بدرێتەوە. بەڵام بە ڕای من لە خودی زوڵم گەورە تر ئەو زوڵمەیە کە پێمان وابێ دەبێ لەسەر زوڵم سەبر بگرین. خەڵکیش وا تێبگەیەنین کە سەبر گرتن لەسەر زوڵم کارێکی باشە.

ئەی بۆ ئەو ژنانەی لەوانەیە بڵێن چاک نەبوو تورک نەبووین! ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ لێدانی ژنان دان لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا واتە لە باشووری کوردستان دەگاتە 49%. بەرامبەر 36% لە باکوری تورکیاو 33% لە ڕۆژئاوای. واتە ژنانی باکوری کوردستان گەورەرەترین ڕێژەیان بەرکەوتووە، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە گەورەترین ڕێژەی نەخوێندەواریش لەوێیە.

ئەم دەرەنجامانە جێی سەرسوڕمان نین، هەروەکو تا هەنوکەش لە زۆر شوێنی وڵاتانی ئیسلامی کۆمەڵێک کاری ناڕەوا ئەنجام دەدرێن و

لەوانەیە قوربانیەکانیش بۆخۆیان بە لایانەوە کارێکی ئاسایی و باش بێ، وەکو ژن بە ژنی، گچکە بە گەورە، گچکە بە مێرد دان لەسەر پشتی بێشکە، بە مێرد دانی کچ بێ ڕەزامەندی خۆی و هەروەها بەمێرد دانی کچ لە بڕی خوێن، واتە بۆ پرسی ئاشتەوایی لە نێوان دوو خێزاندا یا دوو بنەماڵە یا عەشیرەتدا. باوک یان هەر سەرپەرشتیارێکی کچ بێ بۆی هەیە کچەکە لە بڕی خوێن بداتە دەست ئەوانەی کە دوژمنیان بوون، بۆ ئەوەی دوژمنایەتیەکە کۆتایی پێ بێ. هەڵبەت ئەمە گەورەترینی ئەو تاوانانەیە کە تا ئەو چرکە ساتەش لە کوردستان بەردەوامە.  هەورەها تاوانی زۆری تریش کە تا هەنوکەش دەرهەق ئافرەت ئەنجام دەدرێن. لە هەمووشیان سەیرتر کە بە هەزاران خوێندەواریش چاوی لێ دەپۆشن بەشداری نەکردنی ئافرەتە لە مەسەلەی میرات، ئەوەی ئاشکرایە ئیسلام یەک پشک بۆ دوو کچ دادەنێ بەرامبەر یەک پشک بۆ یەک کوڕ، واتە دوو کچ بەرامبەر یەک کوڕ. بەڵام ئەوەی سەیرە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لادێو عەشایەرو بڕێکی زۆریش لە خەڵکی شار میرات بە کچ هەر ڕەوا نابینن. هەزاران ژن هەیە لەو میراتە بێبەش دەکرێن. کوڕی ئەفەندی بەتەنێ هەموو میراتەکە حەنۆش دەکاتو خوشکەکەیشی لە قون کوچکان دادەنێ و بێ بەشی دەکا. ئەوەی ئاگاداری دادگاکانی کوردستان بێ دەزانێ چەندین خوشک شکاتیان لە براکانیان کردووە چونکە ئامادە نەبوون بەشی خوشکیان بدەن، ئەو ڕێژەیە لە ناو مەلایەکانیش هەر بەرزە، ئەوانەی کە باش دەزانن کچ لە هەموو حاڵەتەکان نیوەی بەشی پیاو وەردەگرێ.

پیاوێکی وەکو ئیمامی غەزالی خاوەنی کتێبی (احیاء علوم الدین)ش بەو مەسەلەی زانیوەو گوتوویەتی: جائیز نیە بە خاکی کوردان دا تێپەڕ ببن.

لێیان پرسی: بۆ قوربان؟

گوتی: چونکە نانیان حەرامە.

گوتیان: بۆ نانیان حەرامە قوربان؟

گوتی: چونکە کورد میراتی ژنەکانیان نادەن.
ئەو سەربردەیە ڕاست بێ یان نا، لە واقیعدا ڕاستە و تا هەنوکەش هەزاران ژنی کورد لە میراتی باوکیان بێبەشن.
خۆ مەسەلەی فرە ژنیش هەر جێی قسەو باس نیە. ڕۆشنبیر و ڕەوەجەل، خوێندەوار و نەفام ئەو مەسەلەیان تا ئەو ساتەش بەلاوە ئاساییە. ئێ خۆ ژنانی کوردیش لەو مەسەلەیە تاوانبارن. نزیک ترین نمونەش بەڕێز نەسرین بەرواری بوو کە بووە پێشەنگێکی تازە بۆ لوتکەی خوێندەوارانی ژن، ئەوانەی ئەو سیستەمەی بەیەکەوە ژیانیان بە لاوە پەسندە. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە: دەبێ بەڕێز بەرواریش لێدانی ژنانی بەلاوە ئاسایی نەبێ؟ خۆ زۆر پێدەچێ بۆچوونی وابێ، چونکە سیستمی بە ڕەوابینینی فرەژنی و لێدانی ژن لەیەک سەرچاوە سەر دەگرن. بۆیە ئەگەر ژنی دووەمی پیاوێک لە لایەن پیاوەکەی لێیدرا ئەوا حەقی نیە گلەیی بکات، لەبەر دوو هۆ،
یەکەمیان: هەستو نەستی ژنی پێش خۆی پێشێل کردووە، هیچ ڕێزێکی بۆ دانەناوە. نەک هەر ئەوەندە، هەر لەیەکەم ساتی بە بووک چونی بۆ مێردی ڕقی لە ژنی بەستەزمانی یەکەمی پیاوەکە دەبێتەوە، واتە لە (هەوێ)
دووەمیشیان: مادام ئەو ژنە بڕوای بە سیستمی فرە ژنی هەیە دەبێ بڕوای بە سیستمی لێدانیش هەبێ، چونکە لە یەک سەرچاوەوە سەردەگرن.
خۆ ڕێژەی زۆری خۆ سوتاندنیش لە ناو ئافرەتاندا باشترین بەڵگەیە بۆ زۆری ئەو تاوانانە و نەفامی و بێ ویژدانی زۆرێک لە پیاوانی کورد.
پێم وایە ڕێکخراوە مەدەنیە کەمەکانی کوردستان تا ئەمڕۆش ڕۆڵێکی زۆر ناکاریگەریان هەیە لەو بوارەوە، بەتایبەتیش لە لادێی کوردستان. تا ئەمڕۆش خەڵکی لادێکانی کوردستان و عەشایەری کورد نە بایان دێ نە باران. پارتە کوردیەکان و بەرپرسە گەورەکانی کورد و خەڵکی بەناو

ڕۆشنبیریش و هی تریش بێ ژمار خەون بە ژنێک و دوان و  چەندانەوە دەبینن، وێڕای ئەنجامدانی زۆرێک لەو تاوانانەی کە پێشتر باس کران.
پێم وایە ئەنترۆپۆلۆگ و سیۆسیۆلۆگ و پسیگۆلۆگیش (ئەگەر هەمان بن) پێویستە لەو ڕوەوە ڕۆڵێک ببینن، هەموو ئەو دیاردانە لێک بدەنەوە کە زوڵم بە ڕەوا دەبینێ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەڵکو بە سیستماتیکی دەکا. پێویستە پەنجە لەسەر نەخۆشیەکان دابنرێ، ڕووبەڕووبوونەوەی جیددیش هەبێ بۆ ڕاگرتنی ئەو دیاردە پڕ لە شەرمەزاریانە.